# جیاكردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە دەوڵەت ،بەر لە جیاكردنەوەی دین  لە دەوڵەت.

سەردار عبدالكریم عبدالله– هۆڵەندا

بەر لەوەی ماوەی پێسكەش كردنی ناوی حیزب و گرۆپە سیاسیەكان بۆ مفەوەزیەی باڵای هەڵبژاردن تەواوبێ،لە ناكاو نەخشەی سیاسی لە عیراق گۆرانكاریەكی بەرچاوی بەسەر داهات،شیعەكان بە باڵی سەدریشەوە دەیانەوێ بەیەك لیست بە شداری لە هەڵبژاردن بكەن،لە كوردستانیش یەكگرتووی ئیسلامی بڕیاری داوە بە لیستێكی جیا لە لیستی هاوپەیمانێتی كوردستان بەشداری بكات،بەمەش هەڵوەشانەوەیەك لەم هاوپەیمانیە ڕویدا.ئەگەرچی سونەكانیشن هیچ كاتێك ئاستی تەباییان لە نێو خۆ و دەرەوەدا وەك پێویست نەبووە،بەڵام وادیارە لەم خولەی هەڵبژاردن گۆڕانكاری بەرچاو بەسەر هەڵوێست و هاوپەیمانێتیە سیاسیەكانیان داهاتووە،سونەكان بە نیازن بە دوو لیست دابەزن،ئەگەرچی ئەم شێوە دابەزینە،لەم بارودۆخە،بەڵگەی هەبوونی درزێكی گەورەیە لە نێو ماڵی سونەی عەرەب،بەڵام لەلایەكی تریشەوە ئاماژەیە بە سەركەوتنی چەمكی كاری سیاسی لە عیڕاق لەبەرامبەر كاری توندوتیژی و چەكدای،كە شتێكی دڵخۆشكەرە.

سونەكان بەشێوەیەكی بەرچاو بە دوو لیست دابەزیوون،لیستێكیان بەناوی" جبهة التوافق العراقیة،لیستەكەی تریشیان بریتیە لەو حزب و گروپانەی لە ژێر ناوی مجلس الحوار الوطني بە سەرۆكایەتی  صالح المطلك و هەندێ لە كەسایەتی ئەكادیمی و تەكنۆكرات پێكهاتووە.

ئەم سێ هیزە سەرەكیانەی عیراق  بە دڵنیاییەوە لەم خولەی هەڵبژاردن تێڕوانینی تریان لا بەرجەستە بووە،بەرەنجامی ئەم گۆڕانكاریانەش لە دوای هەڵبژاردن كاریگەری بەرچاوی بەسەر  دەستوور و ئایندەی عیراقدا دەبێ.

لە كوردستان،دابەزینی یەكگرتوو بە لیستێكی جیا،كۆمەڵێك خوێندنەوە دینێتە پێشەوە، لەوانە:

- خەڵكی كوردستان(بە تایبەتی لایەنگرانی پارتی ویەكێتی) لە گەندەڵی و سیاسەتە چەوتەكانی هەردوولا بێزارن،یەكگرتوو بەم هەنگاوە گرەو لەسەر ڕاوكردن و هەڵوشینی ئەم دەنگانە دەكات،ئەمەش وەك ماسیە لە ئاو مامەڵەی بكەی!
- یەكگرتوو لە ڕووكەش دەڵێ:بەم هەنگاوەمان گۆمی مەنگی ململانێی سیاسی لە كوردستان دەلەقێنین،بەڵام لە ڕاستیدا هەنگاوێكی زیرەكانەی سەركردایەتی سیاسی یەكگرتووە،بۆ هەنگاونان تا پێ بنێنە قۆناغێكی تری خەباتی سیاسی،قۆزتنەوەی ئەم هەڵە سیاسیە زیاتر لە بەرژەوەندی بەرنامە ستراتیژیەكی یەكگرتوو دایە،كە دامەزراندنی كۆمەڵگا  و دەسەڵاتێكی سیاسی- ئیسلامیە لە كوردستان،واتە تێكەڵاوكردنی"دین و دەوڵەت"،ئەم خوێندنەوەیەی یەكگرتوو بۆ كۆمەڵگای كوردستانی دوای ڕووداوەكانی كەلار،ئاكرێ و  ڕاپرسیە گشتیەكەی سەر دەستوور، هانی یەكگرتووی داوە مغامرەیەك بە ئایندەی خۆی بكات لەسەر دەنگی كورد لە بەغدا،سەركەوتن لەم هەنگاوە بۆ یەكگرتوو دەستكەوتی گەورەی لە هەگبەیە،دۆڕانیشێ جگە لە پەرتكردنی دەنگی دەنگدەری كوردستانی بۆ یەكگرتوو وەك حیزب هیچ زەرەرێكی گەورەی نیە.

- پەیامێکە بۆ سەرجەم ئیسلامیە نەیارەکانی دژ بە هێزە عیلمانی و پەرتەوازە دابڕاوەکانی کوردستان، تا لەبەر ڕۆشنای بەرنامەی"زیاتر کارکردن،بۆ بە ئیسلامکردنی دەسەڵات و یاسا لە هەرێمدا"،سەرنجیان ڕابکێشێ،لە میان ململانێ سیاسی و لەڕێگای یەکگرتوو دەنگی گروپە ئیسلامیەکانی ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەڵوشێ و ئەو هێزانەش لە لایەکی ترەوە بەپێی پڕۆتۆکۆلی نێوان لایەنەکانی هاوپەیمانی کوردستان بەشێکی تر لە کورسیەکان بەدەست بهێنن.
- یەکگرتوو دەیەوێ سەنگی خۆی و هێزە دژەکانی "یەکێتی و پارتی"بزانێ لەسەر ئاستی کوردستان،لەلایەک بۆ ڕیکلامەیکی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی،لەلایەکی تر تا لە خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان،بتوانێ فشاری زیاتر بۆ دەستکەوتی زیاتر دروست بکات،زیاتر بپرژێتە سەر هەوڵەکانی خۆی بۆ بەدیهێنانی بەرنامە سیاسیە ئاینیەکانیان،وەک لە چەند چاوپێکەوتنێکدا سەلاح الدین بەهائەدین ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە،دەڵێ:"کە کورد وەک نەتەوە مافەکانی لە دەستوور چەسپا،ئێمە کار بۆ بەدیهێنانی بەرنامە ئیسلامیەکەی خۆمان دەکەین."
- بۆ زیاتر فشار دروستکردن لەسەر هەردوو حیزب،ئەگەر لە کوردستان هەردوو حیزبەکە ملیان بۆ خواستی یەکگرتوو دانەنوواند،ئەم لیستە جیایە سەربەستی دەدا بە یەکگرتوو تا یاری بەکارتەکانی فشار بکات و ئەگەری بیرۆکەی هاوپەیمانێتی وەک فشار لەگەڵ هیزە ئیسلامیە سوونەکان لە بەغدا بخاتە ڕوو،کە ئێستا بەشێکی بەرچاو لە سونەکان بەشداری پرۆسەی سیاسی دەکەن .
- ئەم هەنگاوەی یەکگرتوو،دەنگەکان لە کوردستان پەرت دەکات،بەم پەرتەواز بوونەی دەنگەکانیش،گورزێکی گەورە لە ئایندەی سەرجەم هێزە سیاسیە عیلمانیەکانی کوردستان و عیراق دەکەوێ.

یەکگرتوو وەک حیزبێکی سیاسی مافی خۆیەتی ئەم جۆرە هەنگاوە یاساییانە بنێت و بەرە لە بن پێی هێزە بەرامبەرەکانی ڕابکێشێ،بەڵام هیزە سیاسیەکانی تری کوردستان،دژە بەرنامەیان بۆ ئەم هەنگاوەی یەکگرتوو دەبێ چی بێ؟

ئایە پارتی و یەکێتی بەم خێراییە دەتوانن گەندەڵیە ئیدارییەکانی هەردوو ئیدارە نەهێڵن؟ ئایە بەم ماوە کورتە،هەردوولا دەتووانن خەرمانی هەڵەکانیان،بە کار و بەرنامەی دروست چارەبکەن؟ئایە دەتوانن هەردوو ئیدارە بکەنەوە یەک و سیستەمی دامەزراوەی پەیڕەوبکەن؟ ئایە زۆر درەنگ نیە بۆ ئەم هەموو هەنگاوانە؟ئایە لیستی هاوپەیمانی کوردستان تا چەند دەتوانێ لە ڕاوکردنی دەنگی لایەنگرانی حیزبە ئیسلامیەکانی تری سەر بە لیستی هاوپەیمانی سەرکەوتووبێ؟دەیان پرسیاری تر.

ئەم هەنگاوەی یەکگرتوو،دەبی هێزە علمانیەکانی کوردستان ڕابچڵەکێنێ،تا بە شیوازی کارکردنی خۆیان دابچنەوە و سیاسەتی خۆیان بگۆڕن.دەبێ پارتی و یەکێتی لەمەودوا بە هەمان ئاست و گرنگیەوە کار بۆ بنەبرکردنی دیاردەی گەندەڵی و ململانێی حیزبی بەرتەسک لە کوردستان بکەن،چونکە لەسەر حیسابی ئەم جۆرە ململانێیانە،هێزە علمانیەکان لاواز بوونە و

دەبن.ئەم هەنگاوەی یەکگرتوو زەنگی خەتەرە بۆ چارەنووسی علمانیەت لە عیراق بەگشتی ولە کوردستان بە تایبەتی.بۆیە لەسەر ئەم دوو حیزبە دەسەلاتدارەی کوردستان پێویستە،بەر لە هەموو شتێک بیر لە جیاکردنەوەی دەسەلاتی "حیزب و دەوڵەت"بکەنەوە بەر لە جیاکردنەوەی "دین لە دەوڵەت"،چونکە واقیعی کوردستان و ڕاستیە میژووییەکان،ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن،هەڵە سیاسیە میژووییەکانی پارتی و یەکێتی لە کوردستان ڕێگای بۆ هێزانە خۆشکردووە کە داوای پیکەوە لکاندنی"دین و دەوڵەت" دەکەن.